دکتۆر موسەننا ئەمین ـ کاندیدی ژمارە (٤)ی سلێمانی، لیستی (٣١٥)

دەبێت پەرلەمانتار ببێتە چاو و دەم و زمانی خەڵک..

کەسێک کە تاوەکو ئێستاش نازانێ جیاوازی لەنێوان (بڕیار و یاسا و ڕێنمایی)دا چییە، چۆن ئەتوانێ لە پەرلەماندا کاریگەر بێت؟! پەرلەمان پێویستی بە زمانزانی و سیاسەتزانی هەیە..

- لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٠) لە سلێمانی.
- ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆیە و خاوەنی (٥) بڕوانامەی خوێندنی باڵایە لە زانستە شەرعییەکان و زانستە سیاسییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:
- بڕوانامە و ئیجازەی مەلایەتی و زانستە شەرعییەکانی لای زانای گەورەو ناودای کورد مامۆستا مەلا محەمەد ئەمینی حوسەینی کلاشی.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە شەرعییەکان.
- ماستەر و دکتۆرا لە عەقیدە و فەلسەفەی ئیسلامیدا.
-پاش خوێندنی زانستەکانی: فیکری سیاسی و سیستمی سیاسی و قەیرانە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و ئابووری جیهانی و یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و... هتد.
- بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر لە زانستە سیاسییەکانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان.
- شارەزایە لە هەر چوار زمانی (کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی).
ماوەی (٣) ساڵ پسپۆڕ و ڕاوێژکار و ڕاهێنەر بووە لە (لیژنەی ئیسلامی نێودەوڵەتی ژنان و منداڵان) لە قاهیرە، کە ئەندامی ڕاوێژکاری نەتەوە یەکگرتووەکانە و سەرۆکی یەکگرتنی (80) ڕێکخراوی ئیسلامی جیهانە.
- ئەندامی دامەزرێنەری (یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان)ە و، یەکێکە لە سەد زانای پاڵێوراو بۆ ئەنجومەنی ئەمینداریتی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە شان بەشانی ناودارترین زانایانی جیهانی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەستەمبوڵ.
- بانگهێشت کراوە بۆ نزیکەی (20) دەوڵەت لە سەرتاسەری جیهان وەکو: (مەغریب، میسر، جەزائیر، تورکیا، دەوڵەتانی کەنداو، ماليزيا، ئەندۆنیسیا، سویسرا، سوید، فەرەنسا و... هتد).
- ساڵی ٢٠٠٩ لە جەزائیر لەبەردەم ٢٥ هەزار کەسدا سەرەڕای دیفاعکردن لە کێشەی کورد و بنەماکانی ئیسلام، لە زیاتر لە (١٠) کەناڵی ئاسمانی جگە لە ناوچەییەکان، هەروەها لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە.
- دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری (سندوقی خێرخوازی قوتابیانی کورد)ە، کە ساڵی (١٩٩٨) لە هەندەران دامەزرا و تایبەتە بە خوێندنی باڵا و تا ئێستا لەسەرتەرکی ئەو سندوقە دەیان قوتابی ماستەر و دکتۆرایان تەواوکردووە و لە زانکۆکانی کوردستاندا خزمەت بە پێشکەوتنی زانست دەکەن.
- بۆ ماوەی (٤) ساڵ لە سودان و (٤) ساڵ لە میسر و (٢) ساڵ لە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی نوێنەری یەکگرتوو بووە.
- ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کورستانە.

دیمانە: کۆشان عەلی زەمانی

لەم دیدارەدا (دکتۆر موسەننا ئەمین) کاندیدی ژمارە (٤)ی سلێمانی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، باس لە ڕۆڵی پەرلەمانتار و پەرلەمانتارانی کورد دەکات لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە داهاتوودا.

لە سەرەتادا سەبارەت بە ڕۆڵی پەرلەمانتار لە پەرلەماندا، (دکتۆر موسەننا ئەمین) دەڵێت "لە کاتێکدا کە باس لە ڕۆڵی پەرلەمانتار دەکرێت، دەبێت باس لە ڕۆڵی پەرلەمان بکرێت. پەرلەمان چەند ڕۆڵێکی هەیە، بەپێی دەستوور پەرلەمان یەکێکە لە سێ دەسەڵاتی سەرەکی لە عێراق، خاڵی یەکەم و سەرەکی تەشریع و یاسادانانە. لە پەرلەمانەوە یاساکان دەردەچن. هەڵبەت ئێمە دەستوورمان هەیە، کە لە ریفراندۆمدا خەڵکی بەگشتی دەنگی لەسەر ئەدەن و قانونمان هەیە کە لە پەرلەمانەوە دەردەچێت و تەعلیماتمان هەیە کە لە وەزارەتەکان دەردەچێ. ئەوەی کە لە تەعلیمات گەورەترە و لە دەستوور بچووکترە، پێی دەوترێت یاسا، دەیان جۆرە یاسامان هەیە. هەموو جۆرە هەڵسوکەوت و جموجوڵە ئابووری و سیاسییەکانی ئەم وڵاتە دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێن".

هەروەها (دکتۆر موسەننا ئەمین) ئەرکی دووەمی پەرلەمانتار و پەرلەمان دەخاتە ڕوو، کە ئەویش "بەخشینی متمانەیە بە حکومەت و وەزیرەکان، پاڵێوراوەکانی حکومەت، بە سەرۆکی وەزیران، هەروەها لە سیستمی عێراقدا متمانە بەخشین بە سەرۆکی کۆماریش لە پەرلەمانەوە ئەنجام دەدرێت و، دەسەڵاتی سەندنەوەی متمانەی هەیە".

هەروەها سەبارەت بە لێپێچینەوەی پەرلەمان، دەڵێت "پەرلەمان خۆی لێپێچینەوە لە خۆی دەکات". ئەو لەو بڕوایەدایە کە "کارێکی سەرەکی پەرلەمان و پەرلەمانتار چاودێریکردنی ئەدائی دامودەزگاکانی حکومەت و حکومەتە".

کاندیدی ژمارە (٤)ی لیستی (٣١٥) لە پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیەنێت "پەرلەمانتار مافی ئەوەی هەیە هەموو زانیاری و داتایەك لەبارەی حکومەتەوە بزانێت و حکومەت ئەو زانیارییانەی بخاتە بەردەست و سیستمێکی شەفافی هەبێت".

بەبۆچوونی دکتۆر موسەننا ئەمین "لەکاتێکدا پەرلەمانتار گومان لە پرۆژەیەك دەکات و لەو بڕوایەدایە گەندەڵی تێداکراوە، یاخود مەحسوبیەت و کەمتەرخەمی تێدا کراوە، ئەوا پەرلەمانتار داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری پەیوەست بەو بابەتەوە دەکات. ئیتر وەزیر بەشێوەیەکی قانونی مولزەمە، دەبێ ئەو وەڵامانە بداتەوە بەو پەرلەمانتارە. ئەگەر وەزیر وەڵامی نەدایەوە، ئەوا پەرلەمانتار دەبێت پەنا بباتە بەر پەرلەمان و ئەو وەزیرە ڕاکێشی پەرلەمان بکات و داوای لێپێچینەوەی لێ بکرێت، ئەوکاتە وەزیر دەبێت وەڵامی هەموو پەرلەمانتارەکان بداتەوە دەربارەی ئەو گومانانەی کە لەو پرۆژەیە هەیە، یاخود ئەو کارە نایاساییانەی کراوە، یاخود ئەگەر گەندەڵی ئەنجام درابوو، ئەوا دەبێت وەزیر وەڵامی هەبێت، ئەگەر وەڵامی وەزیر وەکو پێویست نەبوو، ئەوا دەگەینە قۆناغی لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیر".

کاندیدی ژمارە (٤)ی پارێزگای سلێمانی، لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو ڕایدەگەیەنێت "ئێمە کەمینە بین، یاخود زۆرینە، پەرلەمانتار شەخسیەتێکی مەعنەوی و دەسەڵاتێکی یاسایی هەیە، بۆیە گرفت لەوە نییە پەرلەمانتار ناتوانێ هیچ بکات، بەڵکو گرفت لەوەیە پەرلەمانتار نەتوانێ هیچ بکات. بەو مانایەی نەتوانێ و زاتی خۆی نەقەسی تیایێت. پێویستە پەرلەمنتار زانستێکی پڕ و مەحکەمی هەبێت و لەڕووی زانستی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی و شەرعییەوە تەواو شارەزا بێت، بەتایبەت لە پەرلەماتێکدا کە خەڵکانی تر خاوەن بڕوانامەن و خەڵکانی ئەکادیمین و خاوەن پسپۆڕی تایبەتن".

دکتۆر موسەننا ڕەخنە دەگرێت و دەڵێت "کەسێك کە تاوەکو ئێستاش نازانێ جیاوازی لەنێوان (بڕیار و یاسا و ڕێنمایی)دا چییە، چۆن ئەتوانێ لە پەرلەماندا کاریگەر بێت، هەروەها پەرلەمانی عێراق پێویستی بە زمانزانی هەیە".

دکتۆر موسەننا دەڵێت "دەبێت پەرلەمانتار ببێتە چاو و دەم و زمانی خەڵك". ئەمە و دەڵێت "پەرلەمانتار بۆچی حەسانەی پێ دەدرێت؟ بۆ ئەوەیە دەستی ڕەها بکرێت لە هەر لێپێچینەوەیەکی یاسایی و بتوانێ هەموو زانیارییەکی دەستبکەوێت.. بچێتە ناو هەموو دەزگایەکی حکومەت ئەوەندەی بتوانێ".

لە هەمان کاتدا بە بۆچوونی دکتۆر موسەننا ئەمین "پەرلەمانتار پێویستی بەوەیە کەسێك بێت ئەزموونی سیاسی هەبێت، مەرج نییە کەسێك لە بواری سیاسیدا کاری نەکردبێت، یاخود ئەزموونی سیاسی و پەیوەندی سیاسی ئەنجام نەدابێت و کەسێکی مەیدانی نەبێت، بتوانێت لە پەرلەمانتاریدا سەرکەوتوو بێت. ناکرێت تەنها لەبەرئەوەی کەسێك ناو و ناوبانگی هەیە، بیخەیتە پەرلەمانەوە، لە کاتێکدا ئەزموونی کاری سیاسی نییە، ئەوکاتە پەرلەمان دەبێت شوێنێکی تر بۆ فەرمانبەرێتی، نەوەکو بۆ داواکردنو دانوستان لەسەر مافەکان".

دکتۆر موسەننا دەڵێت "دەبێت هاوڵاتیان دەنگ بە ویژدانی زیندووی خۆیان بدەن و دەنگ بەو کاندیدانە بدەن کە دەتوانن لە پەرلەمانی بەغدا دیفاع لە مافی هاوڵاتیان بکەن، بتوانن ببینە چاو و دەم و زمانی ئێوە. کاندیدانێك کە دەتوانن ڕاستیتان بۆ ئاشکرا بکەن و حەقتان بۆ بچەسپێنن".

سەبارەت بە ئەرکی پێشینەی پەرلەمانتاران و کاندیداکان، (دکتۆر موسەننا ئەمین) ڕایگەیاند "کاتی ئەوە هاتووە مافەکانمان بەدەستووری بکەین. ئەو کاندیدەی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕەخنەی لە دەسەڵاتی کوردی گرت بەوەی تاوەکو ئێستاش مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەدەستووری نەکراون و زەمانەتەکانیش لەژێر مەترسیدان".

دکتۆر موسەننا ئەمین ـ پسپۆڕ لە بواری فیکری ئیسلامی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لەو بڕوایەدایە "جێگەی سەرسوڕمانە بە تەلەفۆنێك تەنها لەبەرئەوەی جەنابی فلان کەس تەلەفۆن بۆ سەرکردە کوردییەکان ئەکات، ئێمە سازش لە مافەکانمان دەکەین، هەروەها ڕایگەیاند کە سیاسەت و مافسەندن بەم شێوەیە ناکرێت". هەربۆیە دکتۆر موسەننا ئەمین لەو بڕوایەدایە "پێویستە ئەندامانی داهاتووی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران بە جددی کار بکەن بۆ دەستەبەرکردنی مافە دەستووری و بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان و، بەرژەوەندییە تایبەتی و حیزبییەکانیان بەلاوە بنێن".

بەبۆچوونی (دکتۆر موسەننا ئەمین) لە ئێستادا پێوستمان بە "پرۆژەیەکی ستراتیژی نەتەوەیی هەیە، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش بەهۆی ئەزموونی چەند ساڵە و کاندیدەکانیەوە دەتوانێت لەپێشەوەی هێنانەکایە و هەڵسوڕاندنی پرۆژەیەکی ستراتیژی لەم شێوەیەدا بێت".

بۆ (سالارو هاودەنگ و ئامانج) زمانی تەشهیر ئامێزتان بۆنی بارووتی لێ دێت

ئەحمەد ڕەسوڵ مینە

لە دوو ژمارەی (٧٢٨ و ٧٢٩)ی ڕۆژنامەی هەولێردا، کە لە بودجەی ئەم وڵاتە و هاووڵاتییەکانی بەخۆڕایی دابەش دەکرێت، هەریەك لە (سالار عوسمان) و (هاودەنگ فاروق) و (ئامانج عەبدوڵلا) لە سێ ستونی جیاوازدا بە یەك ئاواز وەك ئەوەی قورمیش کرابن، هێرشێکی نارەوایان کردووەتە سەر یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

ئەوان هێندە بە کینە و ڕقەوە نووسیویانە، لە پیت بەپیتی وشەکانیانەوە بۆنی بارووت دەکەیت، ئەو سێ قەڵەم بەدەستە دەڵێی ئارییجی و بیکەیسییان بە دەست و بە شانەوەیە، لایەکی یەکگرتوو نەماوە هێرشیان نەکردبێتە سەری. (ئامانج) تاوێ بە وڵاتفرۆش و تاوێ بە ئاین فرۆش و ساختەکاری دین لەقەڵەمی دەدات و هاودەنگیش وەك ئەوەی ماڵی حیزبەکەی خۆی لە پۆڵا بێت، دەڵێت ئێوە ماڵتان لە شوشەیە و (سالار)یش دەبێژێ نازانم چۆن جورئەت دەکەن بە هەگبەی بەتاڵەوە لە پڕی بدوێن.

وەڵامی منیش بۆ ئەو سێ بەڕێزە ئەمەیە:

* یەکگرتوو دەستی سپییە و تاکە کەسێکیش لەم کوردستانەدا بە ئارییجی و کلاشینکۆڤی یەکگرتووەکان نەکوژراوە و تیرۆر نەکراوە، یەکگرتوو نە سازشی کردووە لەسەر مافەکان و نە دەستی هێزە چەکدارەکانی وڵاتانی دراوسێی گرتووە و نە دەبابەی هێناوەتە سەر هەولێر و نە ئەنفالی گوندەکانی کوردستانی کردووە و نە شەڕی براکوژی و کوردکوژی هەڵگیرساندووە و نە ژنانی بێوەژن کردووە و نە منداڵانی هەتیوخستووە، بۆ نەك هەر ڕابردووی، ئێستا و ئایندەشی بێ خەوشە و سەربەرزانە داکۆکی لەو هەرێمە دەکات، کە دوور نییە خەڵکی تر هەرزانفرۆشی بکەن.

* یەکگرتوو هەگبەی پڕە و دەیان ساڵە بەشداری ساردی و گەرمی هاووڵاتیەکانی شارەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم دەکات و لە کاتی تەنگانەدا بەدەم هەژار و هەتیوانەوەیە و نە ئاشنای ئوتێل و مۆتێلەکانی ئەورووپایە و نە لێرەش لە بورجی عاجیدایە، تا دەست پێی نەگات و لە خەڵکەوە دوور بێت، دەزانێت چەند گوند و کۆڵان هەیە لە هەرێمەکەیدا و دۆستی هەژار و یاری دەوڵەمەندانی خێرخواز و میللەتدۆستە، یەکگرتوو نە هەرێمی دووڵەت کردووە بۆ دوو ئیدارە و نە جیاوازی لەنێوان ئەم شار و ئەوشاردا دەکات و نە خاوەنی بیرۆکەی ڤیلا و زەوی قۆرخکردنە.. بەپێچەوانەی خەڵکی ترەوە یەکگرتوو لەبری ناردنە دەرەوەی دۆلار و جێگیرکردنی لە بانکەکاندا، دەستی ڕێکخراوە خێرخوازەکانی گرت و قۆڵی هەڵمەتی خزمەتگوزاری لێ هەڵماڵی و، شار و گوند نەماوە لە هەرێمدا دەستی خزمەتگوزاری ئەوی پێ نەگەیشتبێ، بۆیە هەگبەی پڕە و ئەو بە حیزبی خزمەتگوزار ناسراوە، نەك شتی تر.

* یەکگرتوو ماڵی لە شوشەیە، ڕاست دەکات (هاودەنگ) یەکگرتوو هێندە شەفافە، چی هەیە و چی کردووە دەبینرێت و بە بەرچاوەوەیە، ئەو نە بودجەی لووش داوە، نە گومرگی قووتداوە و نە ماڵی خەڵکی وێران کردووە و نە گەندەڵ و گەندەڵکارە. یەکگرتوو خاوەنی بیرۆکەی دژە گەندەڵی و یەکەم حیزبی کوردستانە لەسەر هەڵکردنی دروشمی دژە گەندەڵی کادیرەکانی شەهید و بریندار کراون و بارەگاکانی سوتێنراون.

یەکگرتوو شوشە ئاسایە، چی تێدایە دیارە و چیشی تێدا هەڵبگرێت، خەسار نابێت و تێکناچێت، یەکگرتوو خاوەنی ملیارەها دۆلاری بزربوو نییە و سەربەرزە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و دەستی لە ڕووخاندن و وێرانکردنی یەك ماڵدا نییە و جەماوەری کوردستانیش بە چەواشەکاری چاوبەست نابن.

ڕۆژنامەی (هەولێر) کە جارێ بە ئاشکرا لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە دەردەکرا و ئێستاش خۆیان ئیدیعای نەبوونی پەیوەندی بە پارێزگاوە دەکەن، یەکەم ڕۆژنامە بوو کە لە (٧/٢٥)دا هێرشی کردە سەر ڕەمز و سەرکردەکانی یەکگرتوو. ئەو دەستپێشخەر و هێربەرە و باشتر وایە لەبری هێرشکردنە سەر یەکگرتوو، بچن بەلای بەرنامەی لیستی هاوپەیمانییەوە، تا بە خەڵك بڵێن ئێمە پاش (٧) ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ئەوەیە دەستکەوتەکانمان بۆ کورد و کوردستان و ئەوەش کەرکوك، کە گەڕاندووەمانەتەوە سەر هەرێم!!

شوکر خەڵکی هۆشیارە و دەزانێت ئێوە چیتان بەرهەم هێناوە..